## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢١٧) لە ٢٠٢٣/٥/١٤

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٩) لە ٢٠٢٣/٥/١٤، سەبارەت بە کێشە ئەمنییەکان ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەش لە ڕێگای لیژنەیەکی تایبەتمەند لە دەزگا پەیوەندیدارەکان ئەنجام بدرێت سەبارەت بە دۆسیە ئەمنییەکان بە گشتی دوور لە دەستێوردانی سیاسی و دواتر ڕێکاری یاسایی پێویست بگیرێتەبەر.
٢. وەزارەت و فەرمانگە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**